# تیرۆر کردنی مەیسەم نەجاح مەحکوم دەکەین

بەپێ هەواڵێك کە لەسایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراق بلاوبووتەوە، هاوری مەیسەم نەجاح ئەندانی کومیتەی بەغدای حزب لە مانگی رابردوودا لە لایەن باندە ئیسلامیەکان تیرۆر دەکرێت، پاشانیش هەرەشەی لە کەس و کاری دەکرێت کە شۆێنی نیشتەجێ بوونیان جێبهێڵن. لە دوای روخاندی رژیمی بەعسەوە باندە ئیسلامی و بەعسیەکان لە هەرشوێنیك بۆیان کرابێت خەلکی کۆمۆنیست و ئازادی خوازیان تیرۆر کردووە و هەرەشەیان لە هەموو ئینسانی پێشکەتووخواز کردووە.

ئێمە سەرەتا سەرەخۆشی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراق دەکەین، وە هەروەها سەرخۆشی لە کەس و کاری هاوریی گیانبەختکردوو دەکەین. لە هەمان کات دا پێویستە هێزە کۆمۆنیستەکان لەم وەزعە تایبەتیەی عیراق دا هەنگاوی زیاتر هەلگرن بۆ کاری گەورەتر دانانی بەرنامەی هاوبەش بۆ وەستانەوە دژ بەتیرۆر وە ئەو فەزا دواکەتووەی کە هەموو هێزە دواکەتووەکان دەیانەوێت زالی بکەن بە سەر خەلك دا.

کۆمیتەی دەرەوەی
یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عیراق